# با دەنگ بدەین، بە یاسر عەرەفات

## تەها ئەمین هەڵەدنی

دیمان ،ئەمرۆ 12 تشرینی دووەمی2004 کە سەرجەم جیهانیان بەشداری سەرەخۆشی یاسر عەرەفاتی سەرۆکی فەلستنی کۆچکردویان کرد.

لەکاتی گەشتنی تەرمەکەی عەرەفات بە ڕاملا، ڕەنگە 100ها هەزار بەشداریان تێدا کرد.

ئەمەو جگە لە بروسکەی سەرەخۆشی لەتەواوی سەرکردەو پاشاکانی جیهانەوە گەشتە دەست هاوسەرو سەرۆکایتی کاتی فەلەستینیەکان.

سەرۆکی حزبی شیوعی چینیش وەک تەواوی سەرکردەکانیکەی جیهان پیرۆزبای ناردو ووتی: لەدەستدانی عەرەفات زیانێکە لە خەڵکی چین پاشان خەڵکی فەلەستین.

هەر لە پەنجەرەی چاوی تێڤیەکانیەوە دیمان کە فەلەستینیەکان چۆن پەڵمە گریان بوون!

سەرجەم تێڤیە عەرەبیەکانیش وەک سۆزانی پرمەی گریانیان شەیتانی دێنایە گریان.

ڕۆژانەش خوێن نامەکەی عەرەب، گا دەنگی گڕ،گاتیژ وەک کافرمان،گا ناسک وەک پەڕەی دڵی پەپوولە.

هەرچەند عەرەفات وەک قەیسەر جەلاد نەبوو، بەڵام بەڕاستی خەریکە وەک جللەکەی قەیسەری لێدێ*.

ئەگەر بهاتاو عەرەفات نەمردایەو بەشداری هەڵبژاردنی ئایندەی فەلەستینی بکردایە،دەوێرین بڵێین کە ئەگەر وەک سەدام لە% 100 ی نەهێنایە ئەوا بێگوومان لە 99% دەهێنا.

ڕۆژنامەی ئافتۆنبلادتی سویدی12ی11ی2004 لە سەرچاوەکانی خۆیەوە کە لە بانکی ئیتالی ** و ئەورووپیەکانیترەوە سەرچاوەی گرتوە،ڕایگەیاند کە بە گەشتنی سوهای ژنی عەرەفات لەگەڵ سەرانی فەلەستینیدا بەنهێنی ڕێککەوتوە کە ڕۆژانە400000کرۆنی سویدی وەربگرێت.

ڕێکەوتنەکە سۆزی سەرۆکی کاتی فەلەستیدا تێدایەکە ئەو ژمارە پارەیە وەربگرێت.

هەروەها ڕۆژنامەی ناوبراو ئەوەشی ڕاگەیاند کە عەرەفات سەرجەم 30 میلیارد کرۆنی سویدی پاشەکەوت کردوە،کە بە شەشەم کەسایەتی سەرمایەدار دەژمێردرێ لەناو سەرۆک و پاشاکاندا،هەروەها سوهای ژنی عەرەفاتی بە ئەننا نیکۆل شمس ناوزەد کرد.

ڕۆژنامەی ناوبراو ئەوشی ڕاگەیاند کە لەوەو پێش عەرەفات مانگانە70000 کرۆنی سویدی بۆ سوها ڕەوانەی فەرەنسا کردوە، کە سوهاو کچە نۆسالیەکەی لە پاریسی پایتەختێی فەرەنسا دەژی.

هەروەها ڕۆژنامەکە ئەڵێ:لە مانگی 7ئەمساڵەوە 76میلیۆن کرۆن لە عەرەفاتەوە گەشتوە بە سوها.

ئاخر خانوەکەی گرانە، سوهاو کچەکەی نانو زێڕ دەخۆن!

ئاخر هاوسەری سەرۆکە،نابێ لە ڕێستورانی سوڵکەرەکاندا نان بخوا، بۆ شانی سەرۆک جوان نیە.

واز لەوە بێنە کە هەرزاران هەزار منداڵانی فەلەستنی بەرماوەی زبڵدانانەکاینیشان بەرناکەوێ.

واز لەوەش بێنە کە منداڵانی هەژاری فەلەستینی بەوە لە خشتە دەبەن کە خۆیان بتەقێننەوە.

ئەوەش گرنگ نیە، کە گەورەو بچووک ئەڵێ: عەرەفات پاڵەوانێکی خەیەڵیە.

گرنگە کە بزانین کە ئۆلۆف پاڵەمەش لە کەللەی سەر دژی شەڕی ئێران و ئێراقدەیشیراند، ئەو چەندەها خۆپیشاندانی ساسزدا دژی شەڕ کەچی لە ژێرەوە چەکی بە هەردولایان دەفرۆشت. ئەو ڕۆژنامەم پارستبوو، بەڵام کاتێ ژێرزەمینەکەم سوتا ئەویش تێیدا چوو،پەیوەندیشم کرد بە بەرپرسی ڕۆژنامەی پرۆلیتارەوە

لەگەڵ کاک ئەندەش قسەم کرد، ووتی :بە داخەوە نەمان ماوە، بەڵام منیش لەبیرمە،کە ڕۆژنامەگەرێکی پرۆلیتار وێنەی تۆپتە سویدیەکانی لە ناو لەشکری عێراق و ئێراندا بڵاو کردەوە.

Corriere De la Serra**

*کورتە چیرۆکێکی دانیمارکیە ناودارە، کە دووجامباز قەیسەر لە خشتە دەبەن، جامبازەکان زانیان چی دەکەن، بە قەیسەر ئەڵێن :کە باشترین کەلووپەل بۆ قەیسەر دروست دەکەن،بەڵام هیچ نادرون، ئەوان وا نیشان دەدەن کە شێتک دەدرون.
کاتێ قەیسەر شالیارەکانی یەک لەدوای یەک دنێرێت بۆ لای جامبازەکان هەریەک لە شالیارەکان ئەڵێن:قوربان بەڕاستی جوانترین جلووبەرگیان دوریوە.
هەموو لەترسا، تا لە کۆتایدا هەموو شار هاوار دەکەن ئای لە جوانی جللەکانی قەیسەر!
تا لە کۆتایدا منداڵێک ئەڵێ:کورە خۆ قەیسەر ڕوتە.